# 8ی مارس... زەنگێک بۆ بە ئاگاهاتنەوەمان!

ڕووناک ئەحمەد- کۆڵن
8/3/2007
runnak@hotmail.de



ئایا پێویست دە کات ژنانی کورد لە 8 ی مارس دا ئاهەنگ بگێرن....؟؟؟ یان باشترە کار بۆ بەدەست هێنانی داخوازییەکانیان بکە ن ؟ئایا ژنی کورد لە ئامانجە کانی 8ی مارس تێگەشتوون تاکو ئاهەنگی بۆ بگێڕن ؟ .
هەمووومان سالآنە یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە , وەک ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان ،بەبێ ئەوەی دەرسێکمان لێ وەرگرتبێ .گرنگی ئەم ڕۆژە لەوەدا نییە ئێمە سالآنە بی هێنینەوە یادی خۆمان کە چی لەو ڕۆژەدا گوزەراوە،یاخود چیرؤکە تالە کانمان بؤ یە کتر بگیرینە وە , بەڵکو گرنگی ئەم ڕوداوە لەوەدایە کە ئێمە گرفتەکانمان بناسین و نەهێڵین ڕوداوی لەو جۆرە دووبارە بێتەوە.
ئەمڕۆ 99 هەمین ساڵیادی ئەو تراژیدیایە یە , کە تیایدا 129 ژنی ماندو نەناس و تێکۆشەر لە ساڵی 1908 لە نیویۆرک بوونە قوربانی ، لە کاتێکدا بۆ ناڕەزایی دەربرین لە ناو کارخانەیەکدا مانیان گرتبوو،خاوەن کارەکانیان دەرگایان لێ داخستن و ئاگری پێکەوە لە هەموویان بەردا .
وە دواجار لە مارس ی 1975 دا , نەتەوە یەکگرتووەکان بە فە رمی ئەم ڕۆژەی "8 مارس "وەک رۆژی جیهانی ژن بە فەرمی قە بووڵ کر د.
ئەگەر ئەم ڕۆژە لە 100 ساڵی ڕابردودا بۆ ژنانی جیهان, ئیلهام بەخشی یەک ڕیزی و خەباتی بەردەوام بووە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و گەیشتن بە یەکسانی،کە تیایدا لە بەشێکی زۆر لە ولآتانی دنیا مافەکانی ژنان ئیستا بە فە رمی لە دەستوری ئەو ولآتانە ناسراوە , تا رادە یە کی باش یەکسانی ژن و پیاو وەک پرنسیبێک لە زۆر بواردا چەسپاوە .
وە لێ ژنی کورد لە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەدا تاکو ئیستا ئامانج و داخوازە کانی کانی چی بووە؟ تا ئیستا چی یان بەدەست هێناوە؟ ئایا ڕۆژی ئافرەتان لە ئیستادا تاکو چەند پێویستە بۆ ژنی کورد؟.
ئەمانە پرسیارگەلێکن پێویستیان بە تێ ڕامان و وەلآمدانە وە هەیە , لە لایەن هە لسوراوانی ژنان خۆیانەوە. بەداخەوە ئەبوایە لە بۆنەیەکی وەک 8 ی مارس دا ژنان ی

کورد سالانە بە کۆمەڵێک داواکارییەوە یەخەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی پیاو سالاری کوردستانیان بگرتایە. کەچی ئەم بۆنەیە دێت و دەچێ و زۆرێک لە ژنانیش هەستی پێ ناکەن , یاخود بە چە ند ئاهە نگیک کۆتایی دیت . ئەمەش بۆ نا هووشیاری ژنان دەگەڕێتەوە ، کاتێ هووشیار نەبین  هەست بە بارستایی کێشەکانمان ناکەین و وە ک خۆیان نایان بینین، کاتێکیش هەست بە بن دەستی و بێ مافی نەکەین و رگا چارە مان نە بیت , داواکاریمان نابێت ,  8 ی مارس دە بیت تە نها یەکێک بیت لە بۆنە هەرە گەورەکان بۆ وروژاندنی داواکاریەکانمان .
ئەبێ ئێمەی ژنانی کورد 8 ی مارس وەک چەکێکی کارا بەکار بهێنین بۆ گەیشتن بە یەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ،لەم پرۆسەیەشدا ئەبێ لە خەباتدا بەردەوامدابین , روحی راستە قینە بکە ینە وە بە بە ر 8 ی مارس دا .